# شەهیدانی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٥٧ی سەردەشت



شەهید برایمی میرزا مستەفا — شەهید خدری فەقێ ئەحمدی بێوران — شەهید مستەفای وەستا ڕەحیمی مزگەر

شەهید مەحەممەدی حاجی ئۆمەری — شەهید عەزیزی جوشکار

شەهید عەبدوڵڵای حەمەسەپانی — شەهید مەحەممەدی خەراجاتی — شەهید مستەفای فەتاحی جواهێرێ

**نامرن ئەوانەی وا لەدڵی میللەتا دەژین**


R.N

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی


سەرچاوە
Serchawe

# هەشت گەنج و هەشت بەهەشت

**نووسینی: محەممەد نیک پەی، بەرێوەبەر ماڵپەڕی پاشەرۆک**






**پاییز، پاییز هەزار رەنگ، نا! نا!**
**هەر وەکوو ئاگردانەکەی پێشوو کوژاوە پڕ لە ماتەم و دەرد و مەینەت.**
**پاییز پاییز، سەرماوەزانە. پشکۆکانی ناو ئاگردان خامۆش خامۆش.**
**ئەندێسەی باش لای ئێمە ئەفسانەیە،**
**کردەوەی چاک بۆ ئێمە تەنیا حیکایەتی دێرینەیە و**
**گوتەی باشیش لە تەنیایی شێعرێک نەبێ نابیسترێ.**
**ئەم سەردەمە لە تەمەنی ئازارەکانی مرۆڤدا کۆی هەموو غەمەکانە.**
**ئەم سەردەمە جێ پەنجەی هەموو ئازارەکانە.**
**لە یادمان ناچێ و ئاگردانی ئەو سەردەمە لە دڵمانا خامۆش نابێت.**
**ئەندێشە، کردەوە و گوتەی باش مێژوومانە.**
**خامۆش نابین. ژیلە مۆی ئاگردانێکی ئەبەدین.**

لەو شارە، چۆن پەرەسێلکەکان کۆچ دەکەن، ژیانە جوانەکان.... یش لە کۆچ کردن دان بەو هەموو رەنگانەوە شار و دێ پڕاپڕ لە دەرد وزامە، سەرسوول تەم دەیگرێ و لە ناو تەپ و تۆزا مەرگ هاوار هاواریەتی.

منیش بۆ یادێکی دی، دڵم پڕە لە مەینەت و دەریا دەریا پەژارە، لە دەورم، رەقس و سەما دەکا.

ئەورو، کاروانێک بەرێوەیە، هەشت گەنج دەڵێ ی سەفەری خۆش و ئاخریانە مەبەستی سەرەکیان بەرەو هەشت بەهەشت رێ پێوانە.

گەرام گەرام، وشەیەک؟ رستەیەک ؟ کە بتوانێ ئەم زامە بەرینە حیکایەت کا، کوا؟! نەمتوانی.

بەڵام بە خوشیەوە وەک پێویست وشەی هەشت توانی گەنج و بەهەشت لە پنا یەک دانێ و ئەو تراژێدیایە بخاتە بەر خامە و وێنەی لێ ساز بکا.

لە رۆژی چاردەی سەرماوەزی هەزار و سێسەد وپەنجاو و حەوتی هەتاوی دا هەشت ئینسان، رەنجبەر، زەحمەتکێش، گەنج و دەرون پاک لە کوشتارێکی بێ وێنەدا وەبەر پەلاماری نەزانی، زوولم و دیکتاتوریەت کەوتن.




لە سەرچاوە را پەنا دوکانی ئەنوەری عەلی و دۆستان و چالاک وانان دەنگیان بڵیند کرد، هاوار هاوار، تا کەی ئاخر، زووڵم! زۆر!

بە هوی سیخوری سیخورەکان و نامەردان، دوو تێکۆشەر و چالاک وان ئەو رۆژانە، بە نێوی ماجید تاهیری و فەرامەرزی زەرگەری ئەفشار، وەبەر پەلاماری دیکتاتوریەت کەوتن و بەند کران.

دوکان دادەخرێن خەلک بەرەو شارەبانی و ستوونی یادبوود وەرێ دەکەون (دەرکەی زیندان دەشکێنین، زیندانیەکان دەردێنین) ئازادی ئازادی مەرگ بۆ شا و....



سەرچاوە Serchawe

**لە شارەبانی را تەقەی هەوایی دەکرێ، تانگێک لە پادگان هاتوتە دەر و تەقە دەکا. لە کێ؟**

**لە خەلک؟**

**بۆچ؟؟؟ ئاخر خەلک ئازادی دەوێ، لە دیکتاتوریەت بێزارە، لەزولم و زۆر بێزارە.**

**مەترسن گوللەکان پەلاستیکین! هورووژم زیاتر دەبێ، شار بە تەواوی شلەژا، هاوار و گرمە گرم گەرمتر بوو، بۆنی خوێن خلۆر دەبۆوە، لە پەنا مزگەوتی سوور را شوعاری: ئازادی ئازادی جار جاریش بمرێ شا بمرێ شا بە گوێ دەگەییشت.**



**دڵسوزەکانی پیر جار جار پێشیان بە جەواەاکان دەگرت دەیانگوت: وەکشێن، زور مەیەنە پێش، با خوا نخواستە وەبەر پەلاماری گوللە نەکەون و نەکوژرێن.**

**کاک هاشم دەستی خوێناوی بلیند کرد و روبەروی خەڵک هەڵی هێنا و ووتێ: کاکە ئاگا و لە خۆ بێ، گوللەکان راستین، ئەوەتا ئەوەش خوێن، ئەوەش بەڵگە.**

**جەوانەکان توندتر شوعارەکانیان دەگوتنەوە: دەرکەی زیندان دەشکێنین، زیندانیەکان دەردێنین، مردن بۆ شا، مردن بۆ شا.**



تانگ هەر تەقەی دەکرد، کارەسات هەر قووڵتر دەبوو، بەڵێ گوللەی تانگ لەو ڕۆژەدا هەشت گەنجی حوالەی هەشت بەهەشت کرد. خەلک کە لە دەوروبەری مزگەوتێ سوور و ماڵێ سەمیعی و مەلا سالەی باغی و دووکانێ حەسەنی دەروێش




زارایە (حەسەن قەنبەری ڕەحمەتی) بوون بە شوعار دان بە پەلە بەرەو بیمارستان وەرێ کەوتن، تازە دەزاندرا کە خەلکێکی زۆر کوژراو و بریندارن، تەمێکی گەورە تەواوی شاری داگرتبوو، وردە وردە کوژراوەکانمان بەرەو مزگەوتی سوور دەهێندران، گریان و هاواری هاوسەران، منداڵانی بێ باب و خەڵک، مزگەوتی پر کرد بوو، شین و گریان لەگەڵ خوێندنی

قورئان تێکە ڵاو، شەو شەوێکی پڕ مەینەت و زام، تا بەیانی هەر شین و گابۆرلێ دان،

**شەهیدەکان شوردران، نوێژیان لە سەر کرا و دواییش بە شوعاردان بەرەو بارگای هەمیشەگی مان رەوانە کردن و لە گۆرستانی شار دا مالاواییان لێ کردین.**

هەر لەو رۆژە را کـاروان کـاروان، لە شـارەکان را دەهـاتن و سەرەخوشـیان دەکـرد و بە رێ پێـوان لە گەلیـان، بەرەو شارەکانیان بەرێمان دەکردنەوە.

دوای ماوەیەکیش ئێمە وێنەکـانی ئەو شەهیدانەمان خر کردەوە و بـۆ کـاک ناسری قـازی زادەمـان نـاردن، ئەویش بە خـامە جوانەکەی ئەو تابلویەی نەخشاند و لە تاران چاپی رەنگیمـان کرد و بڵاومـان کردەوە کـاک ناسری براشم، تـابلویەکەی لە شیشـە دا و بە رەنـگ کـۆپی و ویتـرای کـرد و ئازەریشـی کـرد بە سـەرماوەز و بردمـان لە مەدرەسـەی ١٤ سـەرماوەز هەڵمـان هاوەسی.

ئێستاش ئەو تابلویە تازە کراوەتەوە و لە مەدرەسەی ١٤ سەرماوەز هەلاوەسراوە و ماندگار بوە.



لە شار دا جار، جار، یاد لەو تراژیدیایە دەکرا ١٤ سەرماوەز وەبیر خەڵک دەهاتەوە، بە ئەرکی خۆم زانی، ئەو ساڵ، لە




سەرچاوە
Serchawe

پاشەڕۆک دا، مۆمیایی کەم، بلێم چالاک وانەکانی خەڵکی سەردەشت و ناوچە، لە هەموو کاتێک دا، بە جووڵە بوون، لە ڕێ ی ئازادی و سەربەستی دا، ڕێ یان پێواوە و شەهیدیان داوە، ئێمە هەڵگری ئەمانەتێکی گەورەیین ئەمانەتی گەورە، نابێ هەرگیزا و هەرگیز، خۆمان لە بیر بچێتەوە و، ڕێ ی چالاک وانانی پێشو و مەزنەکانمان بە فەرامۆشی بسپێرین. ئەرکە لە سەرمان یادیان بکەین و ڕێزیان لێ بگرین.

**چۆن لە باڵای ئاسمان بروانم کاتێ چاوەکانم لە جانتای شێعرێکی ئەهورایی جێ ماون و ڕێ ی ئەو دونیا دەپێون، بەڵکو لە سێبەری دار ئەرخەوانێک هەشت شێعری باڵا بەرز و تەمەن درێژ بدۆزنەوە و لە پەنایان بحاوێنەوە و سپاس و سەری تەعزیمیان بۆ شۆر کەنەوە و پێ یان بڵێن:**

**ئێوە ئەی شەهیدان نامرێ ناو و نیشانتان...**



## لە سیلەی قەبران هاوارە




## برایمی میرزا مستەفای

### لە دایکبوی ڕێبەندانی ١٣٣٤ی هەتاوی



کاکە برایم لە ئیدارەی پەروەردە و ڕاهێنان بو , تازە دەستی لە گیرفانی خۆی دەنا، قیت وقۆز، کۆت و شاڵوارێکی جوان و

کراسێکی خەت خەتی خۆش ڕەنگی لە بەر دەکرد.

لەو سەردەمەدا لاوەکان لە سیلەی گەرەک و کون و کەلێنی کۆلانەکان و جێ ژوانی ئێواران چاوەروانی گراوی و دەزگیرانەکانیان دەکرد.

کاک برایم خۆی رادەوەشاند و پێکەنین و شادمانی هەموو پەیکەری لە خۆی دەگرت و وەرەقس و سەمای دەخست.

کوری گەرەکی حەساری بوو، دۆستەکانی بۆ دیتنی مۆبلە سوورەکانی کە یەکیانی لە پەنا پەنجەرەی روو بە دەری ی دانا بوو تا خەلک بیبینن! سەریان دەدا و کاک برایم دەیگوت: **ئینشاللا بۆکی سوریان لە سەر دادەبەزێنم.**

شەوانە بە دەنگە ناسکە پسکەکەی مووسیقای شیرینی لە گەرەکدا بلاو دەکردەوە... لە سیلەی قەبران هاوارە...

کاکە برایم تەواو بوو تەنیا هاوسەری کەم بوو، ئێواران لە گەڵ دۆستانی باس باسی دلداری و خۆشەویستی بوو.... بەڵام هێندێ قسە و باسی تازەش هاتبونە ناو باسەکانیان: **ڕێ پێوان. خۆپێشاندان، شەهید بوون، لە بەند کردنی ئازادیخوازان و....**



بە یانی چواردەی سەرماوەز کابرایم قاتی خوی لە بەر کردبوو، خۆی رازاندبۆوە دەنگۆ هەبوو کە کاک ماجید و ئەفشاریان گرتوە، کابرایمیش لە گەڵ رەفیقانی ئاگریان گرتبوو، چوبونە کن شارەبانی. شارەبانیش تەقەی هەواییان دەکرد.

**ئازادی ئازادی... با بمرێ دیکتاتوریەت بمرێ زۆڵم و زۆر دەنگی دەدایەوە.**

تانگێکی نەفەر بەر لە پادگان هاتوتە دەرێ و لە دوور را تەقە لە خەڵک دەکا، ترس لە دڵی کاک برایم دا!

نا، نا! مەگەر دەیتوانی هێلانە بکا، نەترس و بە راستی جەسوور و بێباک بوو.

لای دووکانی عادڵی دەتگوت داواکاریەکی هەیە، دەتگوت دەیهەوێ کاک برایمی لە باوەشێ بگرێ و گەرمی و خۆشی هاوسەرێکی جوانی پێ ببەخشێ.



دوو لاوی شۆرەسوار گیراون، تا کەی ئەو زوڵم و زۆرەی قەبوول کەین؟

تەقە چیە؟ تانگ چیە؟ ئێمە فیدای ئەم کورە بە جەرگانە بین.

تانگ نێزیک بۆتەوە چەند ئینسانی بە شەرەف و تێ کۆشەر لە عەرز دراون کاک برایم زۆر قەڵسە، پتەی لێ دەدا دەقەڵشێ، خشتەیەک هەڵدەگرێ و بەرەو تانگەکە هێرش دەبا و کاک برایم خشتە بەرەو تانگەکە و تانگەکەش گوللەی گەرم بەرەو کاک برایم. ژیان رەنگ دەداتەوەو. ئەو هەموو ئارەزۆ و دڵخۆشیەی گەرەکی حەسار خۆیان حەشار دەدەن و دەنگە پسک و خۆشەکەی لە گەڵ ئاخ و ئاهی گیان بەخت کردن تێکەڵاو دەبن و خوێنی سوور جێگای بووکی سوور و مۆبڵی سووری



سەرچاوە
Serchawe

بۆ دەگرێتەوە جۆگەلەی تەختی خەیابان پێش دوکانی عادڵی دەبێتە راخەری بن جەستەی لاوێکی رووح سووکی بە سۆز و نیشتمان پەروەرو رووح پاک.

ئێستاش لە گوێمدا دەنگی کاک برایم دەزرینگێتەوە: لە سیلەی قەبران هاوارە...

دەڵین زۆر زۆر لە مانگ و ساڵان، هەموو هەموو پێنج شەممویان تارمایەک کە لە پەیکەری کیژێک ئەچێ، بە خۆی و جامە عەتر و هێندێ گوڵ و ریحانە سەردانی کاکە برایمی کردوە! وێدەچێ ئەو پەنجانەی بە جێ ماو لە سەر گۆری ئەو، هی ئەو کیژە بن:

**بۆ بە تەنیا رۆیشتی؟!**

---



## بۆ، دەبێ مەولودیش قوربانی بوێ؟!




## مستەفای وەستا ڕەحیمی مزگەر

### لە دایکبووی خەزەڵوەری ١٣٢٥ی هەتاوی

مەولودیە، دەروێش حەسەن لە گەرەکی ژێرو خەریکە دانەوێڵە و کەرەسەی مەولودی جێ بە جێ دەکا. مستەفای وەستا رەحیمی مزگەر قەرارە ئیستکان و ژێرپیاڵانی بۆ بەرێتەوە ماڵێ:

**با وەبەر خێراتی مەولوودی کەوم، نیوەرۆ نایەمەوە، چاوەروانیم مەکەن، ئاخر مەولوودیمان بە دەستوە؟! دڵی بە خەبەر بوو کە دیدار بە ئاخرەت دەبێ!؟**

مستەفای وەستا رەحیمی مزگەر (کەریمیان) کرێکارێکی زەحمەتکێش و لێوەشاوە بوو، وەرێ کەوتبوو، باری سەر شانی

ئەمانەتێکی بە نرخ و هەستیار بوو، ئاخر مەولودی پێ دەکرا!

کاک مستەفا بۆ خۆی و بنەماڵەکەی دیندار و خوا ناس بون.

شار بەرەو ستوونی یابوود وەرێ کەوتبوو، دەنگی تانگ و تەقە تەق خەڵکی هەراسان کردبوو،

کا مستەفا بە خۆی و ئیستکان و ژێرپیاڵەکانیەوە بەرەو خوار دەڕۆیشت و لە داڵغەدا بوو،:

ئەی خوایە نەسیبی مەشی کەی، ئێمەش بتوانین مەولودیێک وەرێ خەین! دیسان سەد شوکرت، بەس نیە منیش لە مەولودی دەروێش حەسەنی دا بەشدارم!



ئەی بۆچ دوکان دادەخرێن؟ بۆ هێندە خەڵک پەشۆکاو و غەمناکە؟ ئەو تەقە تەقە دەبێ چ بێ، چ رووی دا بێ؟ بڵەی وەک شارەکانی تر سەردەستیس نە شێوێ !؟ خوا بەڵامان لێ دوورکا، ئینشاڵڵا!

فکری دەروا و خۆی ون دەکا و رەتێکی برد، دەی هەوێ سەرەنگرێ بێ، وەخۆ دێتەوە.: ئەی خوایە بارەکەم شیشەیە، با ئاگام لە خۆم بێ، ئەو ئەمانەتیە بە سەلامەت بگەیێنمە ساحەبەکەی.

کا مستەفا ئاگای لە چارەنووسی نەبوو، نەی دەزانی چی بە سەر دێ، مەولودی دەبینێ یا... بڵەی ئەو بەزمە ئەویش....؟

کاک مستەفا! نەت زانیوە؟ شار هەژاوە، دەڵێن چەند نەفەریان گرتوون، جەوانەکانن، داوای ئـازادی دەکەن، داوا دەکەن چی تر زۆڵم و زۆر نەمێنێ، بەندیەکان ئازاد بکرێن،

لە شارەبانی را تەقەیە، تانگ وەشار کەوتوە، تەقە لە خەلک دەکا و رەحم بە کەس ناکا.

کاک مستەفا لە بەر خۆیەوە دەڵێ: خوایە زوو بگەمە گەرەکێ ژێرو، پشتی مزگەوتی سوور و ئەمانەتیەکان بگەیێنم و بەس مە.




نەفەری سەر تانگەکە رەحم بە کەس ناکا، دەستووریان پێداوە تەقە بکا و کەس نە پارێزێ، چ روو دەدا با بدا.

کا مستەفا و تانگ لە کن ستوونی لە یەک نێزیک دەبنەوە، کا مستەفا ترس هەڵی دەگرێ و خۆ بەرەو مـاڵی مەلا رەسوڵی شێخۆلئیسلامی (زەککی) رادەکێشێ، دەیهەوێ هەر چۆنێک بوە خۆی دەربـاز کات.

بەڵام هاوار و سەد هاوار دەرکە داخراوە، ئەجەل نێزیک بۆتەوە و پێم وابێ کـاک مستەفا هەر لە وێ شادەی دێنێ و هاکا خۆ دەرباز کا یا خۆ دە جوگەلەکە هاوێ، لەو کاتە دا گوللەی گەرم کا مستەفا دەهەنگێوێ، ئیستکان و ژێرپیاڵە لە دەستی دادەکەون و بەراو دم بە جۆگەلە دا دەکەوێ.

**ئای خوایە بۆچ بەشداری لەو مەولودیەت دا پێ نەبەخشیم، ئاخر خۆم بۆم بە قوربانی ئەو مەولودیە، خوایە شوکرت، سمایل، ئەنوەر منداڵەکان هاوسەری لە خۆ بردۆوم بە تۆ دەسپێرم، ئیش ئێش کاری رۆژانە ژیانی چەندین سالە هەر وەک پەردەی سینەما دەوروبەری کاک مستەفایان گرت، ماڵ ئاوایی لە هەموان و گیان لە دەست دانی هەر ئەو ساتە، بن دەرکی ماڵی مەلا رەسولی شێخولئیسلامی (زەککی) بوو بە گۆری شەهیدێکی گەورەی ئەو سەردەشتە.**

**مەحەممەدی سمایلی ئامینە چکۆلێ لە پەنای مزگەوتی سوور را بە کۆڵێی دادەدا و بە کن ماڵێ مەحەممەدی وەستا قاسمی سنەیی دا گەیاندیە بیمارستان، بەڵام چی بڵەم پشتی کا مەحەممەد لە خوێن دا شەتاڵ ببوو، کاک مستەفاش..... خوا بە بەهەشتی بەرینی شادکا!**

**(( لە تەمەنی ئەم شارەدا ئەم دەرکە داخراوانە شوومن! ئەو پەنجانەی دایانخست بەرەکەتیان لێ برا، بە بارتەقای ئەو مەرگەش, لەو پانجانە پێکەنین کۆچیان کرد.))**

---



سەرچاوە
Serchawe

## کاتێ لە چاوەروانی دیداری ئاخرەت دا دەمێنینەوە




### خدری فەقێ ئەحمەدی بێوران

**لە دایکبوی بەفرانباری ١٣٣٠ی هەتاوی**

بەیانی بوو تازە لە تاران را گەرابوومەوە، ماندوو و شەکەت، تووشی خدری برام بووم، چاک و چونی و لە یەک پرسین. خدر پەشۆکاو و دڵ بە غەم بوو، دەتگوت کەشتی لێ غەرق بووە، زۆر بە کەمی وام دی بوو.

خدر گیان زۆر ماندووم، وەرە با بچینە ماڵی خەسووم، دانیشین، قسە زۆرن. ئەرێ خدر دەڵەی تەواو نی؟

کاک عەووڵا، نایەم لەو شارانە، ئەوە جەوانەکان، ژن و منداڵ دەکوژرێن و شەهید دەکرێن، خوێن سەران دەبا، جەنایەتی گەورە دەکرێ، ئێمەش بێ دەنگین، جولەیەکی وەها مان نیە.



ئـالآیەکی رەشم سـاز کـردوە، دەیـبەمەوە لە بێـوران بە بـۆنەی سەرەخۆشی و مـاتەمینی شـارەکانی تـری کوردسـتان لە سـەر ماڵەکەمانی هەڵدەدەم.

خـدری بـرام لە گەڵـم نەهـاتەوە، منـیش مانـدوو مـوجرو پەشۆکاو چـوومەوە مـاڵێ خەسـۆم، هیشـتا مانـدوییم بە تەواوی لە جەستە بە دەر نەکردبوو و نە حەسابوومەوە هاوار هاوار و گرمە گرم پەیدا بوو، دەنگی تەقە لە دوور را دەهـات، دەڵـێ ی شار تووشی حەستەنگیەکی گەورە بوە.



خدر دوای جیابونەوە لە من، بەرەو بـازار دەروا، دەبینێ دوکانەکان تەواو ئاواڵە نین یەک هەیە و یەک داخراوە،

خەڵکیش بە شڵەژاوی بەرەو شارەبانی لە نێزیک ستونی یادبوود لە رێ دایە، خدریش دەڵەی ئاواتەکەی بە جێ دێ، بە تورەیی و شوعاردان بە خەیابانی پەهلەوی دا بەرەو شارەبانی و ستوونی یادبود وە رێ دەکەوێ.

کاک خدر دەبینێ نەفەرێک لە سەر تانگێک کە لە پادگان هاتۆتە دەر تەقە دەکا، لەو کاتەدا لە ستوونی یادبوود نێزیک ببۆوە، تانگەکەش هەروەها، کاک خدر لە کن ماڵی مەلا ساڵەی باغی (زەککی) مەحمودی برایمی بێوران دەبینێ، کە بریندار بوە،

لێی نێزیک دەبێتەوە، دەبینێ، گۆللە لە پشتی وەدەر کەوتوە، لە باوەشی دەکا، هەر لەو بێنەوبەرەدا نەفەری سەر تانگکە تەقە لە کاک خدر دەکا و بڕبڕەی پشتی دەکاتە ئامانج، کاک خدر خۆی بە کاک مەحمودییێوە لە وێ دەکەوێ، کاک مەحمود زیندویەو خدریش هەر لە وێ گیان لە دەست دەدا.


**خدری برام بە نێوی خدری جوانمێری دارمەکۆنێ کرا بۆوە کە ئەویش گۆللەیان لەو جێیە دابوو کوشتبویان.**

ئەمن لە ماڵی خەسوم هاتمە دەرێ، هاورێ لە گەڵ خەلکی پەشۆکاو بەرەو بیمارستان وەرێ کەوتم، گەییشتمێ و یەکسەر چوومە ژورێ، چەند مەیت لە سەر تەختەکانی بیمارستان داندرابوون، لە سەر یەکێکیان حاجی مەحەممەدی ئازەری راوەستا بوو، زۆر بە ئەسپایی لێی نێزیک بۆمەوە، حاجی مەحەممەد بە نائۆمێدی و پەژارەوە سەیری منی دەکرد، هەستم پێ کرد دەبێ مەیتەکە لە نێزیکان بێ، خۆم گیاندە سەر تەختەکە، یا خوا کەس نەی بینێ! برا مردن ئەویش بە دەستی ئەو نامەردانە! بەڵێ، دیم ئەوە خدری برامە، رۆ براڵە رۆ.

**رۆژی تاریک و غەمناکی منیش دەستی پێکرد،**

**(بە تەنیا لە شێعرێک دا جێ ما بوو، کاتێ کۆچی کرد، شێعر بە تەنیا مایەوە.)**

## چەند چرکەیەک و کۆتایی هەتا هەتایی




### عەبدوڵڵای حەمەسەپانی

**لە دایکبوی ١٣٠٤ی هەتاوی**

بابم ئاش وەستا بوو، لە زووران دێ ی مەلا نەجمەی کەوکەبی لە دایک بووە،

کابرایەکی بە سەلیقە و ئازا بوە، لە باپیرم را ئاش وەستایی بۆ مابۆوە، لە گەڵ مەحەممەدی وەستا قاسمیش نەجاری کردوە وە یەکەمین مشاری بەرقی نەجاریان لە سەردەشت وەکار خستوە. کابرایەکی باڵا بلیند و بە ئۆبوهەت و چوارشانە.

من و دوو خوشکم، جیا لە باوکمان لە گەڵ دایکمان دەژیایین، باوکم ژنێکی دیکەشی هەبوو، ئاخر دایکم چەند ساڵێک لە باوکم گەورەتر بوو، برایەکی گەورەتر لە خۆشم هەبوو، لە ساڵی ١٣٥٤ هەتاوی لە روداوێکی هات و چۆ دا گیانی لە دەست

دا، خوا بە بەهەشتی بەرینی شاد کا.



بەیانی رۆژی چواردەی سەرماوەز ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی کارەساتیک لە شار دەقەومێ، هاوار هاوار و دەنگی تەقە پەیدا دەبێ، تەقە وەلات دادەگرێ، چ بوە؟ چ قەوماوە؟:

**ئازادی ئازادی، بمرێ زوڵم و زۆر، بمرێ دیکتاتۆریەت،....**

باوکم عەوولای حەمەسەپانی باشی دەزانی کە منیش زۆر سەرم لەو شتانە دەخورێ، لە دوکانە نەجاریەکەی دا نیگەران و ئاڵۆز دەبێ، بزماریشی نەماوون، دەبێ بچێ بکرێ،: بە بەردێک دوو کێلان دەهەنگێوم، مەحموودم سەر بە گۆنگەڵە بۆ لای بازار بچم و بزمار بکرم و بزانم ئەویش لە کوێ یە؟

باوکم نەیزانیبوو من لە سەردەشت نیم و چووومم بۆ بانە. بەرەو خەیابانی پەهلەوی دەچێ و لە وێ را بەرەو ستوونی یادبوود وەرێ دەکەوێ، تەقە لە شارەبانی را بڵینده، تانگێک لە شار دا دەسووڕێتەوە، بە گوللەی گەرم! نەک پەلاستیکی خەلکی بێ گۆنا دەکاتە ئامانجی خۆی، خەلک لە دەورو بەری ستوونی یادبوود نێزیک شارەبانی خڕ ببوونەوە، عەووڵای حەمەسەپانیش بە دوای بزمار و مەحمود دا، رەوانە ببوو، ئاگری دڵ هەڵی گرتبوو، تا ئێرە ی هێنابوو.

تانگ لە ستوون نێزیک دەبێتەوە و وەستا عەوولاش لە ترسان خۆی بۆ لای مالی مەلا سالەی باغی (زەککی) رادەکێشێ، نەفەری سەر تانگەکە هەر تەقە دەکا وەستا عەوولا خۆی دەگەیێنێتە بن دەرکە، بەڵام گۆللەی گەرم گەروی وەستا عەوولابە سەر دەکاتەوە و گیانی پاکی لێ وەر دەگرێ.



وەستا عەوولای نەجار، ماڵبات، بەردەئاشەکان، مشارەکان، دارەکان بزمارەکان، دوو ژنەکانی. مەحمودەکەی و.... چەند چرکەیەک دۆنیای ئەو دادەگرن و شادە دێنێ و ماڵ ئاوایی لە هەموان دەکا، لە پەنا سێ شەهید چوارەمین سەر دەکاتەوە. ئێوارە لە بانە را گەرامەوە، لە رێ یە دا بیستم کە شار تەقەی تێدا کراوە لە کن ستوونی یادبوود، زۆر کەس بریندار و یا گیانیان لە دەست داوە. یەکسەر چوومە مزگەوتی سوور، گوێم راگرت، نێزیک من دەیانگوت عەوولای حەمەسەپانیش بریندار بووە، کەس زانیاری دیکەی نەدەدا، بە دەرکەی ئەولای مزگەوت دا بە تاقی تەنیا بەرەو بیمارستان وەرێ کەوتم، نیگاکانی خەلک ئاڵۆزی کردبووم، گەییشتمە بیمارستان، خەلکێکی زۆر، غەمبار، شڵەژاو، چەند نەفەرێک راکێشرابوون، بەرەو وان رۆیشتم،

خوایە خەونە؟ چی دەبینم؟ ئەوە یەکیان، خۆ زۆر ئاشنایە! ئەوە کێ یە؟ چاووم هەڵە ناکات؟

نا! نا! ئەوە بابی تێکۆشەر و ماندونەناس، ئاش وەستا ی نەجاری من بوو، شەک مەکە، براڵە، ئەوە هەوە بابتە بابتە،.... من مامەوە و یەک دونیا پەژارە و غەم.


خانزادی خوشکم زور ئێواران لە سەر گۆری باوکم گابۆر لێ دەدا و بە حەیران و لاووک حیکایەتی غەمناکی ئەو شەهیدە بۆ ئەو گۆڕە لە یاد کراوە دەگێرێتەوە.

((لە چاوەروانی باوکم دا، دوعا فێنک فێنک لە بالای غەمەکانم دەروێ و خەونەکانیشم ئارام ئاوپرژێنی یادەکانی باوکم دەکەن، تەمەنم لێواو لێو لە باوکم بووە.))





## بە پتەی نەبێ خۆی ناتەکێنێ




### مەحەممەدی خەراجاتێ

**لە دایکبووی رەزبەری ١٣٢٠ی هەتاوی**

**کۆی خەڵکی گەرەک بە خێرهاتنەوەیان کردبوون، حەنیفە خان لە گەڵ میرزا مەحەممەدی خەراجاتێ (کوری مستەفا روزەی) * مەحەممەدێ * لە ئابادان گراونەتەوە، حەنیفە خان جل و بەرگی عەجەمی لە بەر دەکا، میرزا مەحەممەدیش کۆت و شەڵواری لە بەر کردوە، پاک و خاوێن و بە پتە نەبێ خۆ نا تەکێنێ، کچەکانیشی دەست و مەچەک و بازۆڵەیان پراپر لە بازنە و خشڵن، تەخت و سەندەڵیان هەن و کۆ کۆی گەرەک دێن و سەردانیان دەکەن.**

**دەڵێن لە ئابادان نە تەنیا ماموەستا بووە، بەلکۆ کاری دیکەشی کردوە، کۆک و پۆشتە گەراوەتەوە و ماڵ و منداڵی تێر و تەسەل و رێک و پێکن.**

بەیانییێکی پاییزییە، لە چواردەی ئاخر مانگی پاییز دەچێ، دەڵێ ی سەرما دەیهەوێ خۆ لە مرۆڤ و جیهان هەڵکا و هەڵیانوەرێنێ.



حەنیفە خان بە خەونێکی ناخۆشەوە لە خەو رادەچڵەکێ و بە ترسێکی زۆرەوە دونیای مۆتە و ناخوشی خەونەکەی بە جێ دێڵێ، سەماوەرەکەی دادەگیرسێنێ و فێنکاوێک و نوێژێک:

((خودایە بۆ خۆت بمان پارێزی!))

هەموویان دەوری سفرە دادەگرن، خاوێنی بارانەکە، هەموو ماڵی داگرتوە، پێکەنین و خوشی دوای باران ناو چاوانی نوسیونەتەوە، لە سەر سفرە خۆشەویستی و پێکەنینیان لەت دەکردن و بینیان پێوە دەنان و دەیان خواردنەوە، زولفەکان شانە کراو وبۆنی عەتر و مێخەک لە وەڵات گەراوە.



جڵ و بەرگێ خاوێن لە بەر کرا و کاک حەمەش خۆی تەیار کرد.

حەنیفە خان دەڕۆم، دەگەڕێم و بزانم چە خەبەرە؟ دەنگۆ هەیە چەند نەفەرێک وەک کاک ماجید و ئەفشار گیراون و جم و جۆڵ لە سەردەشتیش پەیدا بووە.

((میرزا مەحەممەد ئەمشەو خەونی ناخۆشم دیوە، دڵم چاک نالێ، زور وریای خۆت بە. تازە منداڵەکانیش ئیشتیای سەروپێ یان کردوە، وریای خوتان بن و شێرکۆش لە گەڵ خۆت بەرە و سەروپێ یانی پێدا بنێرەوە.))

((بە چاوان حەنیفە خان، شێرکۆ، کورم، دەی رۆڵە کەوشەکانت لە پێ کە، با بڕوین.))

ساز و رێک پێک و سەر شانە کراو، کەوشی بۆیاغ کراو، قاتی جوانی عەجەمی لە بەر کراو، قیت و قۆز، ورد ورد دەڕون. چەقو و چەپەچاخی مامە عەلی قەساب لە لای سەرچاوە لە دوورەوە دەنگیان دێ.

((مامە عەلی سەر و پێ ماوە؟))

((حەمە گیان درەنگ هاتوی، نەماوون، سبەی بۆت دادەنێم، کورەکە بنێرە، بۆتان دەنێرمەوە.))



((مامە عەلی گیان زۆرت لێ مەمنونم، قسمەت نەبوو ئەورۆ، شێرکۆ کورم، تۆ بچۆوە منیش دوای ماوەیەک دێمەوە.))

((مامە عەلی دەڵێن شێواوی پەیدا بوە و هەموو ئێرانی گرتۆتەوە.))

((رۆڵە ئەوە نیە سەردەشتیش بێ بەش نەبوە چەند کەسێکیان گرتوە، خەلک وەجان هاتوە، پیر و جوان ناپارێزن، دەیانکوژن و لە بەندیان دەکەن.))

لە ناکاو هات و هوریا و دەنگە دەنگ سەر هەڵدەدا، دەنگ دەنگی تانگە، خوا بمان پارێزێ، میرزا مەحەممەد بەرەو ستوونی یادبوود وەرێ دەکەوێ.

دەنگی خەڵک دە گوێ دەکەوێ: **ئازادی ئازادی... دەرکەی زیندان دەشکێنین، زیندانیەکان دەردێنین.... و....**

تانگەکە روبەرو هات، لە نێوان تەپ و تۆز و قور، جوگەلەی پیس، هەڵاتن و خۆ حەشاردان کامیان؟ بەو جڵ و بەرگە!



بەڵام تانگەکە مەودای بە کاک مەحەممەد نەدا وەبەر گوللەی گەرمی خۆی خست و.... لە بن دەرکێ ماڵێ مەلا ساڵەی باغی - زەککی - شەهید کرا.

تەنیا خەونێک مایەوەو چەند مناڵێک و حەنیفە خان.

ئیتر بۆنی مێخەک و عەتر، پێکەنین و خۆشەویستی و بارانی.... کوتایی هات، ئێستاش زۆر جار لە تەنیایی گۆرستانەکەدا بە تەنیا حەنیفە دانیشتوە و تەنیاییەکانی بۆ دەگێرێتەوە و خەونەکەی ورد ورد بۆ دەهۆنێتەوە و دواییش هەموو جاران عەتراویان دەکا.

(( کە واتە محەممەد لە زەماوەندیان دا سوور سووری پۆشیبوو و بە تەنیایی جێی هێشت بوو، مەحەممەدی ون کردبوو، مەحەممەدی ون کرد بوو، ئاخر مەحەممەد ئێرەیی نەبوو، بە تەنیا رۆیشتبوو.))



سەرچاوە
Serchawe

## عەزیز گۆللە وە جەرگی کەوتبو و قامکی تێوە دەچوو




### عەزیزی جوشکار

**لە دایکبوی ١٣٣٢ی هەتاوی**

بەری کەرێزێ ئاشی ئەحمەدی مۆباشیری کوورەێ میرزا وەهابی عەزیزی جۆشکار هوومای پانتۆڵ لە بەربەیانی چواردەی سەرماوەزە، کرێکاران بەرەو کارگە و درووست کردنی خانوەکان خۆ دەکێشن، دەڵێن عەزیزیش لە ماڵێ حاجی شێخەی جۆشکاری دەکات.

عەزیز بەیانی زوو هەڵدەستێ و خۆێ ساز دەکا و بە گورج و گۆڵی وەرێ دەکەوێ، هووماش جێ و بان خر دەکاتەوە، وەلات دەماڵێ و حەساریش گەسک دەدا، هووما هاوسەری عەزیز وریا و زۆر جاران هەر پانتۆڵی لە بەر دەکرد، لە کۆری

پیاوانیشدا خۆی نیشان دەدا.

چێش تەنگاو نەهاتوە، هووماش هەر خەریکە، لە بن دەرکێ دەنگۆ هەیە، دەڵێن: شار شڵەژاوە، کاک ماجید و ئەفشاریان گرتوە،



خەڵک دوکانی داخستوە، بە دوای بەندیەکان دا بۆ لای شارەبانی چووون، ویستویانە رزگاریان کەن.

هووما سەری لێ دەخورا، زوو پانتۆلەکەی لە بەر کرد و چەقوێکی تێژی هەڵگرت و بەرەو شار وە رێ کەوت. گەییشتە کن شێخ مەولانەی خەڵک هەڵدەهات و گوێ بیستی تەقە بوو، کە نێزیک بۆوە ، دەنگی تانگ و تەقەیەکی دیش لە ناو شار دەهات.

هووما گەییشتبو بۆ کن ماڵی سەمیعی، چەند ژن لە وێ خر ببونەوە، لەوبەریش پیاوی زۆری لێ بوون، تانگەکە پەیدا بۆوە، دەستی بە تەقە کرد، لەو کاتەدا دیم کاک برایمی مەحموودی خشتەیەکی پێ یە بەرەو تانگکە هێرش دەبا، عەزیزی هاوسەریشم دی بەرەو ماڵی مەلا ساڵەی باغی (زەککی) هەڵدەهات، دەیهەویست خۆی لە ماڵی مەلا ساڵەی باوێ، بەڵام سەد مەخابن، نەگەییشتبوو سەر جۆگەلەکەی کە تانگەکە تەقەی کرد و گوللە باران کراین. گۆللەیێک وەبەر عەزیزی خۆشەویسی هاوسەرم کەوت، خوایە قەت نەی بینی و بە سەر کەس نیە، عەزیزم داکەوت، لەوبەری را بەرەو عەزیز هەڵاتم.

عەزیز عەزیز: ئای هوما بمگەیە هەنگاوتمی، بریندار بووم، دایەی بزانە وە کوێم کەوتوە.

عەزیزەکەم وەکن جەرگی کەوتبوو، خوا جەرگی زاڵمان ببڕێ، دەستم بۆ لای برینەکە برد، قامکی تێوە دەچوو، ئامبۆڵانس زیلە زیلی بوو، بە نێزیکمان دا هات رای نەگرت، هاوارمان کرد: برینـدارمان هەیە، فایـدەی نەبـوو، دەیهەویست رای نەگرێ و خۆی دەرباز کا، چەقوەکەم دەرهێنا و هێرش بەرەو ئامبۆڵانسەکە،: یا رای دەگرێ و عەزیزم بۆ دەگەیێنیە بیمارستانی یا.... شۆفیری ئامبۆڵانس مەجبوور بوو و عەزیزمان سوار کرد.

عەزیزمان گەیاندە بیمارستانی، کوژراو و بریندارێکی زۆری لێ بوو، من لە بەر عەزیزی هاوسەرم ئاگام لە کەس نەبوو.
ئاخر دیسان... خوایە ئەوە چە سەرنویشت و ئاکامێکە؟

سێ روژی تەواو عەزیز لە گەڵ مەرگ شەری کرد، بەڵام حەیف و هەزار حەیف، من مامەوە و منداڵ و کۆڵێک غەم و مەینەتی ، عەزیزم شەهید بوو و منیش... ((لە تەنیایی تەمەنێکی پاییزیدا، غەریب غەریب، تاو دەدەم، تا زەرد زەرد لە ناو هەناوی فەرامۆشی دا کۆتاییم بێ.))



# ئەگەر مەرگ خەبەر کەی




## مستەفای فەتاحی جەواهێری

### لە دایکبوی پوشپەری ١٣٣٤ی هەتاوی


شەو دا دەهات، تاریکی وردە وردە وڵاتی دادەگرت، کاک مستەفا لە سەر کار را گەرایەوە.

های ئایێشێ وەرە زۆر ماندووم.

تازە خانوویان لە سوێی بەردە قووچی درووست کردبوو، ئایێشە دڵی زۆر خۆش بوو، ئاخر سەرپەنایان بۆ منداڵەکانیان جێ بە جێ کرد بوو. جێ قەراری رووبابە و خانم ماڵی کاکە قەندە بوو، کاکە مستەفا، مستەفا قەندە ئێستاش بێ قەراریان

بێ ئەمانە و گریانی خوشکان بۆ برایان حەڵاڵ و بێ برانەوەیە.

بەڵێ مستەفا گیان ئەوە هاتم.



ماندویی لە تەواوی جەستەی دەباری، ئاخر کاک مستەفا لە باری توان و قۆوەتەوە لە شار دا بە ناوبانگ بوو، تای شەش پووتی هەڵدەگرت و وەسەر پشتی وەڵاغی داویشت، ئایشێ لە دەوری کاک مستەفا هەڵدەسوورا و کورە چوکوڵە حەوت ساڵەی ماڵ ✻ لووقمان ✻ لە کۆڵ بابی نەدەبۆوە،: ئاخر چت بۆ هێناومەوە؟ کوا نوقل؟ کوا......؟



دەم و چاو شترا و بە خۆ راگەییشتنێک و، دانیشتن، بە لە دەوری یەک بوون، ماندوویی لە لەشی کاک مستەفا دەرچوو،



سەرچاوە
Serchawe

شێو خورا و چەند قسە و باس و گوێ راگرتن لە رادوێنەکە کۆنەکە و نوستن.

بەیانی زوو ئایشە و مستەفا لە خەو هەلدەستن، ئایشە و لووقمان بەرەو حەمامی شارەداری و کا مستەفاش بەرەو حەمامی کۆن وەرێ دە کەون.

حەمامی جاران گشتی بوو، خۆ شتن و و حەمام کردن چەند کات ژمێری دەبری.

کاک مستەفا دەگاتە حەمام و خەریکی خۆ شتن دەبێت، دوای چەند کاتێک دەنگە دەنگ پەیدا دەبێ و نێو حەمام دەشڵەژێ، چ بوە؟ چ قەوماوە ؟

لە شارەبانی را تەقە دەکرێ و دەڵێن تانگ لە پادگان را هاتۆتە دەر و تەقە دەکا، حەمامیەکان دەچنە دەر و جل و بەرگیان لە بەر دەکەن و هەر یەک و بە لایەک دا، بەرەو مال خلۆر دەبنەوە.

کاک مستەفا جل و بەرگی لە بەر کرد و لە حەمام هاتە دەرێ، دڵی ئۆقرەی نەدەگرت بڕواتەوە بەرەو ماڵ بۆ سوێی بەردەقۆوچی بەرەو تەقە کەوتە رێ، خۆی بۆ لای دووکانێ حەسەنی دەروێش زارایە راکێشا، دڵی نەهاتبو خەلک و شار بە جێ بێڵێ و بڕواتەوە بۆ سوێی بەردەقووچی بۆ ماڵێ و بڵێ بە من چی؟ با خۆم دەرباز کەم.



هەر وەک توان و قەوەتی کاک مستەفا بە ناو بانگ بوو، جرتەکانیشی نمونەی شار بوون، هەر کە جرتەکەی لێ دەدا

لە مەودایێکی دوورەوە گوێمان لێ دەبوو.

تانگەکە نێزیک دەبۆوە، خەڵک هەڵات هەڵاتی بوو، کاک مستەفا لە لای ستوونی یادبوودەوە تانگەکە دەبینێ، خۆی لە دارەکەی کن دوکانی کاک حەسەنی نێزیک کردبۆوە، نەفەرێک لە سەر تانگەکە را تیرئەندازی دەکرد، لە دور را کاک مستەفای دی.



کاک مستەفاش جرتێکی شازی بۆ راهێشت، نەفەری سەر تانگکە سرنجی دایە، تانگەکە گەرایەوە، کاک مستەفا زانی بۆ وی گەراوەتەوە خۆی بۆ کەنار دارەکە راکێشا ، بەڵام ئەو نامەردە لە سەر تانگەکە را گووپی کاک مستەفای نیشانە گرت، کاک مستەفا ویستی خۆی دە جۆگەلەکە هاوێ، دووهەمین گۆللە گەروی دادری و لە بن دارەکە کەوت و... لە پەنا دوکانی حەسەنی دەروێش زارایە ئارامی گرت.


لە حەمامی شارەداری دەنگۆ بڵاو بۆوە، لە ناو شار نێزیکی ستوونی یادبوود تەقەیە و دەڵێن خەڵک بریندار بووە. ئایشێ دڵی خەبەر دار ببو، زوو جل و بەرگ لە بەر خۆی و لۆوقمان دەکاتەوە و بەرەو ستوونی یادبوود وەرێ دەکەوێ.

بەڵێ خاتوو ئایشە و لۆقمان دەگەنە سەر تەرمی کاک مستەفای شەهید و شین و گابۆرە بۆ لۆقمان و مندالانی بێ بابم، رۆ، رۆ، رۆ، تازە دەمان هەویست بحەسێینەوە ، خانووی تازەمان درووست کردبوو ، پیاوی ماڵم رۆ رۆ رۆ....

لەو رۆژەوە منالەکان بە تەنیایی و بێ بابی خۆیان گرت، خاتوو ئایشێش لە حیکایەتی دوای مەرگی مستەفا دواو، توانی پاڵەوانێکی پێش مەرگیش درووست کات، تا کوو مناڵەکان شانازی هەر دوو دونیا، بۆ ئەوە و داهاتوەکان بگێرنەوە.

**خوا بە بەهەشتی شاد کا.**

## حیکایەتی بیانوی چارەنووسی گوللەیەک




### مەحەممەدی حاجی ئۆمەری

**لە دایکبوی رەزبەری ١٣٢٨ی هەتاوی**

بەیانی بوو، شار شڵەژا بوو، دڵەکان دەتگوت چاوەروانی بەسەرهاتێکی دڵ تەزێن دەکەن، کاکە مەحەممەدم زۆر تێکچوو بوو، خەریکی پیچانەوەی پارچەی مەخمەلی ساکا بووین، ئاخر بازار بازاری مەخمەلی ساکا بوو، بۆ ئەودیو دەچوو.

جەمالی حەمبال لە گەلمان بوو، یارمەتی دەداین، کارەسات لە دەم وچاوی ئەم شارە خنجیلانە دا داوای هەبوو، رێگای دەویست. جوڵە ئۆقرەی نەمابوو.

ئاخر لە دەوروبەر، خەبەر خەبەری، جم و جۆڵە و لە خوێن گەوزانی پیر و جوانەکانی ئەم وەڵاتە بوو.

ئەو دەم کاکە ئەبوبەکرم یەکێک لەو چالاک وانە بە جوڵە و بە هەستانە بوو، کە شەوو ڕۆژ هەدادانی نەبوو.



کاکە مەحەممەدم بە جەمالی حەمبالی گوت: بڕو بزانە ئەبووبەکر لە کوێ یە؟ بڵێ کاکت کاری پێ ی زو بگرێتەوە بۆ دوکان، کاک جەمال ڕۆیشت، بەڵام دڵی کاکم لە تاو ئەبوبەکری ئۆقرەی نەبوو و نەی دەزانی چ دەکا، خوشەویستی ئەبوبەکروئەجەل، هەڵی گرت بوو، بە توندی هەستاو پێڵاوەکانی لە بەر کردن و وتی: ئەحمەد ئاگات لە دوکان بێ، فایدەی نیە بۆ خۆم نەچم بەکرە خۆی توشی گێچەڵێک دەکا، کەتنێک حەتمەن ڕو دەدا.

کاکە مەحەممەدم بە شەدەی جوان و لار و لەنجە بە ڕەو ستوونی یادبوود وەرێ کەوت، سەفەر سەفەری ئاخرە و دیدار بە ئاخرەت بوو.

چاوی دەگێرا بە دوای وون بوەکەی دا، سرنجی هەموو کون و قوژبنێکی دەدا.

ئەی خوایە بەکرەم لە کوێ یە؟

تەقە و دەنگی تانگ لە شاردا، شاری بەرەو ڕۆداویکی دڵتەزێن رەوانە دەکرد، لە شارەبانی را تەقەی هەوایی دەکرا، بە لام دەیانگوت گۆللکان مەشقین و پەلاستیکین.

کاکە مەحەممەدم زۆر دڵسۆز بوو، لە بەر خۆیەوە وتویەتی: کاتێکی زۆر نیە برایمە ئازیز و نازدارەکەم لە دەست داوە، خوایە بمان پارێزی، ئەبوبەکریشم توشی کەتنێک نەبێت.

تەقە هەر بەردوام بوو ، بەڵێ گوللە پالاستیکی بوون ! بەڵام خەڵک بەرەو بیمارستان هەڵدەهاتن و دەیانگوت خەڵکێکی زۆر بریندارە ، کاکە مەحەممەدیشم بەرەو بیمارستان وەرێ دەکەوێ.



تانگە نەفەربەرەکە دەگەڕێتەوە دەنگی تانگ و تەقە ئەو دەوروبەرە دادەگرێ، کاکە مەحەممەدم لە ماڵێ مەحمودی مەولانی نێزیک دە بێتەوە، دەیهەوێ خۆی دە دەرکەی ماڵێ کاک مەحمودی هاوێ، بەڵام هەیهات هەیهات لەو کاتە دا دەبینێ منداڵێک لە نێزیک جۆگەلەکەی پێش دەرکەی ماڵێ کاک مەحمودی ماوەتەوە، هەی چی بکەم؟ چی نەکەم؟

ئاخر کاکە مەحەممەدم ژیانی هاوسەری پێک هێنابوو، بەڵام بە داخەوە منداڵی نەبوو! دەگەڕێتەوە و دەستی منداڵەکەدەگرێ ودەیهەوێ لە باوەشی بکا و لە کێشە ڕزگاری کات بەڵام وەی وەی هەی هەی! گوللەی نامەرد، بەرەو کاکە مەحەممەدم وە ڕێ دەکەوێ، سەری موبارەکی دەکەوێتە بەر هێرشی نامەردانەی نەفەری سەر تانگەکە.

بەکرە گیان لە کوێی؟... برایم گیان هاتم، ئەحمەد خوا حافیز! برای گەورەتان، پاک و دڵسۆزتان، یەکسەر لە دەست چوو. ون بوو یەکجار ون بوو!

سبەی بەیانی کاتێک چاوەڕوانی روناکی تواوی ڕۆژ دەکرا، کاکم گیانی پاکی لە ڕێی ئینسانیەت و پیاوەتی دا بەخت کرد، خوا بە بەهەشتی بەرینی شاد کا!

((بیستم دوای مەرگیش مەحەممەد تەنیا ماوەتەوە، نیشان بەو نیشان لەو دونیاش لە چاوەڕوانی منالێک، ون بوێەک دا، ماوەتەوە!!))



سەرچاوە : ماڵپەڕی پاشەرۆک (Pasharok)

نووسینی: بەرێوەبەر ماڵپەڕ – محەممەد نیک پەی

ڕێکەوتی: ١٤ی سەرماوەزی ١٣٩٣ = ٣ی دێسامبری ٢٠١٤

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧١٤ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠١٤ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = مای ٢٠٢٥ی زایینی

---



سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ کاک محەممەد نیک پەی بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە بەنرخە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe